**وەزارەتی داد**

**ژمارە: ١٩١٤/٢٠ لە ٢٠٢٥/٤/٣٠**

پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٧٠، ڕێنمایی خوارەوەمان دەرکرد:-

## ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٥
## ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای ڕاستاندنی واژۆکانی سەر دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامەکان ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٧٠

**یەکەم:** مەبەست لە ڕاستاندن کە لە لایەن دامودەزگا فەرمی و تایبەتمەندەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق بە گوێرەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٥٢)ی ساڵی ١٩٧٠ ئەنجام دەدرێت ، پشتگیریە لە ڕاست و دروستی واژۆ و مۆرەکانی سەر بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتەکان کە لە نیوخۆ ڕێکخراوە بە ئامانجی کارپێکردنی لە دەرەوەی وڵات، یاخود ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانەی کە لەلایەن باڵیۆزخانە و کونسوڵخانەکانی عێراق یان نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێم لە دەرەوەی وڵات یان لایەنە پەیوەندارەکان لە وڵاتی بێگانە، ڕێکخراوە، بۆ کارپێکردنی لە نێوخۆی هەرێم، بەم شێوەیە:-

**دووەم:** وەزارەتی دادی هەرێمی کوردستان تایبەتمەند دەبێت بە ڕاستاندنی ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی سەر بە وەزارەت یان ڕێکخراوەکان و ئەو دەستانەی کە کەسایەتی واتاییان هەیە و نەلکێنراون بە وەزارەتێک، دەرچوویێنراوە، بەمەبەستی کارپێکردنی لە دەرەوەی هەرێم، دواتر فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم ڕاستاندنیان بۆ دەکات، دوای ئەویش نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە لە هەرێم .

**سێیەم:** هەر وەزارەتێک لە هەرێم تایبەتمەند دەبێت بە ڕاستاندنی ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانەی کە لەلایەن فەرمانگەکانیان دەرچوێنراوە، دواتر فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم ڕاستاندنیان بۆ دەکات، دوای ئەویش نووسینگەی وەزارەتی دەرەوە، بەمەبەستی بەکارهێنانی لە دەرەوەی هەرێم، و پێویست بە ڕاستاندنیان ناکات لە وەزارەتی دادی هەرێم.

**چوارەم:** ئەو دۆکیۆمێنت و بەڵگەنامانەی کە لەلایەن نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە ڕاستاندنیان بۆ کراوە، لەلایەن فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی هەرێم پشتگیری دەکرێت و دواتر لەلایەن وەزارەتی پەیوەندار ڕاستاندنی بۆ دەکرێت، و پێویست ناکات وەزارەتی دادی هەرێم راستاندنی بۆ بکات ئەگەر ئاراستەی فەرمانگەکانی وەزارەتی داد نەکرابێت بۆ کارپێکردنی.

**پێنجەم:** ڕاستاندن بۆ ئەو بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە پێویستی بە پشتگیری وەزارەتی دەرەوە یان نووسینگەکانی لە هەرێم هەیە، ئەگەر هاتوو مەبەست لێی کارپێکردنی بێت لە دەرەوەی عێراق، یاخود ئەگەر ڕاستاندنەکە لەلایەن باڵیۆز و کونسوڵخانەکانی عێراق لەدەرەوە کرابوو، و مەبەست لێی کارپێکردنی بێت لە نێوخۆی هەرێم.

**شەشەم:** وەرگرتنی ڕەزامەندی بەرێوەبەرایەتی باجی دەرامەتی گشتی لە هەرێم مەرجە و پێویستە لە کاتی راستاندنی ئەو بەڵگەنامانەی خوارەوە، ئەگەرچی ئەو بەڵگەنامانە لە نێوخۆ رێکخراون و مەبەست لێیان کارپێکردنیان بێت لە دەرەوە یان ناوەخۆی هەرێم:-

أ- دابەشنامەی شەرعی یان یاسایی.

ب- بەڵگەنامەی دیاریکردنی میرات و ئەوانەی پەیوەندارە بە ڕێکارەکانی تەریکات.

ج- بەڵگەنامەی ڕاسپێری و سەرکاریی و وەقفەکان.

د- بریکارنامەی گشتی و تایبەت ئەگەر پەیوەست بوو بە سامان.

هـ- بەڵگەنامەی داهێنان و نیشانەکانی لێکجیاکردنەوە.

**حەوتەم:** بۆ ڕاستاندن لەسەر بەڵگەنامە و دۆکیۆمێنت و بریکارنامەکان و وێنەکانیان لەلایەن وەزارەتەکان، ڕەسمی پول بە بڕی (١٠٠٠) هەزار دینار بۆ هەر ڕاستاندنێک وەردەگیرێت، سەرباری ڕەسمی دیکەی سەپێنراو لەسەر ئەو دۆکیۆمێنتانە بە گوێرەی یاساکان لە هەرێم.

**هەشتەم:** ئەو رێنماییە لە رێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**فەرسەت أحمد عبدالله**
**وەزیری داد**